**پەروەردە:**

• پەروەردەی دەستی هەرکەسێک بی، بەشێکی گرنگی لە ئەو.

**خۆشەویستی، دوو جۆری هەیە:**

• یەکێکیان، لەسەر لێوو زمان تێناپەڕێت. ئەویان کاتییەو زوو کۆتایی دێت.

• یەکیشیان، لەناو قوڵایی دڵدایەو هەرگیز کۆتایی نایە.

**عەڕشی زۆردار:**

• تەنیا ستەمە، کە دەبێتە هۆی لەرزینی عەڕشی زۆردار.

**رووی خۆش:**

• رووی خۆش، روخساری ناشیرین، دەڕازێنێتەوە.

**سەرکەوتوویی:**

• کەسانی سەرکەوتوو، حەزدەکەن کە زیاتر سەرکەوتوو بن. چونکە ئەوان، هەمیشە بیر لە سەرکەوتنەکانیان دەکەنەوە.

(لە ئینگلیزیەوە)

## ستەمکار:

ستەمکار، کە بیرۆکەی ستەمی بە مێشکداهات، خۆی دەکەویتە سەر لێواری مەرگ.

## هەموو شتێک بکە:

• هەموو شتێک بکە، بەڵام کەسێک شەرمەزارو خەجاڵەت مەکە، کە دڵی خۆی بەتۆ داوەو بڕوای پێت هەیەو خۆشیدەوێی.

## دەرگای دڵ:

• دەرگای دڵ، بۆ کەسێک کراوەیە، کە بەشوێنی حەسانەوەی خۆی بزانێت.

## زامی دابڕان:

• زامی دابڕانی هەر ئازیزێک، هەرگیز سارێژ نابێتەوە.

## کات:

• کات، درێژ دەبێتەوە، بۆ ئەوانەی کە خەمبارن.
• کورت دەبێتەوە، بۆ ئەوانەی کە شادن.
• درەنگ دەبێ، بۆ ئەوانەی کە چاوەڕوانن.

**نرخ نەزانین:**

• هەرشتێک کە رەنجت بۆی نەکێشابێت، نرخی نازانی.

**دنیا هی تۆیە:**

• کە تۆ بە ئومێدەوە بژیت، دنیا هەمووی هی تۆیە.

**ئاگر، هەر ئاگرە:**

• ئەگەرچی ئاگریی نەورۆز، بە رەمزی پیرۆزی نەتەوەی کورد، پێناسە کراوە، بەڵام مەرجیش نییە کە لێی نزیک بوویەوە، نەتسووتێنێ...

**درۆ:**

یەکێک لەو شتانەی کە مرۆڤ، لە هەموو بەهایەک دادەماڵێت، درۆ کردنە.

**راکردن:**

• چۆن لەترسی شێر رادەکەی، ئاواش لەدەست ماستاوچی و دوو روو، رابکەو خۆت رزگار بکە.

## کە دڵنیای:

- کە پێتوایە خودا بوونی هەیە،
- کە پێتوایە هەموو شتێک دەبینێ،
- کە پێتوایە هەموو شتێک دەبیسێ،
- کە پێتوایە ئاگای لە هەموو جووڵەکانتە،
- کە پێتوایە هەرگیز بێهیوات ناکات،
- کە پێتوایە شتت بۆ دەکات و منەتیشت لەسە ناکات،
- کە پێتوایە بەردەوام ئاگای لێتەو لە بیرت ناکات،
- کە پێتوایە لێت نزیکەو چاوی هەر لێتە،
- کە پێتوایە هرچی بیکەی ئاگای هەر لێتە،
- کە پێتوایە پشت و پەناو فریادڕەسی هەموو کەسێکەو تۆش یەکێکی لەو کەسانە، بۆ واسیتەی بۆ دەکەیی و لە کاتی پێویستیدا، هەر خۆت داوای لێناکەی.............؟!

## بەرهەمهێنان:

- هەر تۆوێک کە بچێنرێت، دوور نییە کە هەر نەڕوێت، یان ئەگەر بشڕوێت، هەر ئەوە بەرهەم دێتەوە، کە چێنراوە. بەهەمان شێوە؛ مرۆڤیش، ئەو تایبەتمەندیەی تێدا بنیات نراوە.

## ژیان:

• ژیــان، دیارییـەکی بـەنرخـە، پێویستە رێزی لیبگیرێت.

## دوکتۆر ئەنوشە دەڵێ:

(لە فارسیەوە)

• ئەگەر بتەوێت کێشەی ئەمڕۆ چارەسەر بکەی، نابێ بیر لە کێشەکانی دوێنی بکەیەوە.

هەروەها، لە پێشهاتەکانی بەیانیش. چونکە نازانی چی روودەدات؟! کـەوابـوو، بیر لە ئەمڕۆ بکەوەو کێشەکانی ئـەمـڕۆش، هـەر ئەمڕۆ، چارەسـەر بکە. دوێنێ رۆیشتووە، بەیانیش ئێستا نەهاتووە. گەر دەتەوێت خۆش بژیی، لەگەڵ ئەمڕۆدا بژیی.

## راستی:

• هەرکاتێک توانیمان، لەگەڵ خۆماندا راست بین، دەتوانین لەگەڵ هەموو کەسێکدا راست بین.

## گلەیی لە ژیان:

گلەیی زۆر لەژیان مەکە. چونکە زۆری پێناچێت، لێت بێزار دەبێت و رووت لێوەردەگێڕێت.

## مرۆڤ و تەمەن:

• نرخی مرۆڤ، لە زۆر ژیان و ژمارەی ساڵەکاندا نییە، بەڵکو لە سوود بەخشین و سوود وەرگرتن و وەک خەڵک ژیان وایە.

## هەستەکان:

• مەرج نییە هەر شتێک کە بۆ تۆ گرنگ بێت، بۆ هەموو کەسێک وابێت. بۆیە چاوڕێی هەموو شتێک لە هەموو کەسێک مەکە. چونکە هەستەکان، زۆر جیاوازن.

## بوون:

هەرکاتێک پێتوابێت، بوونی خۆت لەلای کەسێک دەدۆزیـەوە کە بەهیچ شێوەیەک بوونی تـۆی لەلا گرنگ نییە، تۆ! جگە لە کەسێکی رووخـاوو دامـاو، هیچیتر نی.

## جەستەی بێ گیان:

• ژووری بێ کتێب، وەک جەستەت بی گیان وایە.
(لە ئینگلیزیەوە)

## دوور بیین بە:

• دوور بیین بە، بۆ ئـەوەی تووشی هەڵەکانی ژیان نەبی و لە بەناو نزیکەکانتەوە، زیانی زۆرت پێنەگات.

## شاردنەوەی خاڵی رەش:

• شاردنەوەی خاڵی رەش، بەهۆی خاڵی رەشەوە، جگە لە رەشبوون و گەورەتر بوونی زیاتر، هیچ سوودێکی دیکەی نییە.

## خەم مەخۆ:

هیچ خەمێک مەکە بەهۆی توانەوەی دڵ و مێشکت. چونکە جگە لە مەرگ، هیچ شتێک کۆتایی ژیان نییە. ئەویش چونکە هەر بۆتۆ نییە، خەم لە ئەویش مەخۆ.

## سەرنجڕاکێش:

• تۆ ئەگەر هەوڵدەی، هەمیشە کەسێکی ئاسایی و نۆرماڵ بی، هەرگیز هەست بەوە ناکەی، کە چەندە، کەسێکی سەرنجڕاکێشی!

مەبەست ئەوەیە، مرۆڤ، کە خۆی لە کۆمەڵگا جیا کردەوە، ناشیرین دەردەچێت.

● هەر بۆیە رۆژانە، من خۆم رادینم کە دەوروبەری خۆم، خۆشبوێت.

لە (ئینگلیزیەوە)

**پەروەردە:**

● ئەگەرچی لەوانەیە پەروەردە، کاریگەری زۆر نەبێت، بەڵام... بەدڵنیاییەوە رەسەنایەتی، بە جاک یان بە خراپ، دەوری خۆی هەر دەبینێت.

**هەموو کەسێک هەر رازی نابێت:**

● تەنانەت ئەگەر فریشتەش بی، یەکیک پەیدا هەر دەبێ؛ کە بەدەنگی باڵەکانت، دڵخۆش نەبێت. خەم لە قسەی خەڵک مەخۆ.

لە (فارسیەوە)

**چاوڕوانی:**

● هەر ئەوەندە چاوەڕوان بکە کە بۆت بکرێت، کە پێشتر خۆت کردووتە...

**بەڵێن:**

● تا لە ناوەرۆکی بەڵێن تێنەگەین، هەست بە بەهاو وەزنی خۆمان ناکەین.

- یەکەم: دراوسێ بوون،
- دووەم: سەفەر کردن،
- سێیەم: بەیەکەوە سەوداکردن،
- چوارەم: ئەمانەت هەڵگرتن،
- پێنجەم: نهێنی پاراستن،
- شەشەم: خاوەن بەڵێن بوون...

**خۆپاراستن:**

- هەرکاتێک هەستت کرد کەسێک خۆی لەشتێک بە دوور دەگرێت، تۆ وازی لێبێنەو بێزاری مەکە.

**کات لەدەستدان:**

- هەرکەسێک وتەیەکی تۆی لەلا گرنگ نەبوو، تۆشی لەلا گرنگ نییە! بۆیە باشتر وایە، کاتی خۆت لەدەست نەدەی.

**بەسادەیی ژیان:**

- سادە بوون و بە سادەیی ژیان، یەکێکە لەو جوانیانە، کە خوای گەورە، بە مرۆڤی بەخشیوە.

**پلان بۆ داهاتوو:**

دەکەی، تەنیا خۆت دەبینی. هەر بۆیە لە شوێنی خۆت دەوەستی و دوور نابینی!

**ژەهر چییە؟**

رۆمی وڵامی دایەوەو وتی:

- هەرشتێک لە قەبارەی خۆی زیاتر بێت، (ژەهرە)
- چ هێزو دەسەڵات بێت،
- چ سامان بێت،
- برسێتی بێت،
- دەوڵەمەندی بیت،
- خۆشەویستی بێت،
- تەماح بێت،
- تەمبەڵی بێت،
- رق و کینە بێت،
- یان هەر شتێکی تر...!/ ئەو وتە بەنرخەم لە کاک فەرهاد ناسر وەرگرتووە.

**ژیان:**

- ژیـان ئـەو هـاورێ کـاتـی و بێئەمەکەیە، کە بێئەوەی رابردوو لەبەرچاو بگرێت، زۆر بە ئاسانی

- لەوەتەی ئاسمان و زەویی هەیە، لەنێویاندا من بێ خزم و کەسم
- لەوەتەی هەست بە ژیان دەکەم، من دەربەدەرم و لە ئازادی بێ بەشم
- لەو رۆژەوە خۆم ناسیوە، لە ئاست ئەوانەدا کە متمانەم پێکردوون خاوەنی بەختێکی رەشم
- لەوەتەی ئەزمون و ژیان هەیە، بەهۆی دڵپاکی و نیەتپاکیم من بیئەزمونم و لێی بێبەشم

## هەست و سۆز:

- هەست و سۆزو خۆشەویستی، کە جوانترین بەهرەی خوداین، نە لەهەموو کەسێکدا بوونیان هەیە، تا بیبەخشن بە کەسانیتر، نە ئامێرێکی دەستکردیشن کە هەموو کەسێک، بتوانێت، بەهەر نرخێک بێت، بەدەستیان بێنێت.

## چێژ لە ژیان وەربگرە:

- بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان وەربگریت و چارەنوسێکی نادیارت نەبێت لە داهاتووی ژیانتدا، سەرەتا دەبی خۆت خۆشبوێت، متمانەت بەخۆت هەبێت، ئەوەی کە

دەیکەی، بەکەمی مەگرەو رازی بە بەوەی کە خوای گەورە، پێتی بەخشیوە.

**خۆر ئاوا بوون:**

• ئەگەرچی خۆر لە ئێواراندا ئاوا دەبێ، بەڵام بەیانیان دەردەکەوێتەوە.

• ناخۆشیەکانیش بە هەمان شێوە، روو دەدەن، بەڵام دواتر دەبن بە ئەزمون و ژیانیکی تازە دووبارە دەبیتەوە.

**خۆری مێشک:**

• هەرکە ئەستیرەی دل درەوشایەوە، خۆری مێشکیش ئاوا دەبێ.

**متمانە:**

• متمانە وەک تیر وایە. هەرکە لە کەوان دەرچوو، ئیتر گەڕانەوەی نییە.

**بناغەی ژیان:**

• هەرکاتێک ویستت بناغەی دیواری ژیانت هەڵتەکێنی، پشت لە یاران و روو لە نەیاران بکە.

